گروپی سوودانی بۆ قوربانیانی بێسەروشوێنکردن 715 هاووڵاتی لەماوەی شەش مانگی جەنگ بێ سەروشوێنن

گروپی سوودانی بۆ قوربانیانی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ رایگەیاند، "لە ماوەی شەش مانگی شەڕی نێوان سوپای سوودان و هێزەکانی پشتیوانی خێرا، 715 هاووڵاتی مەدەنی لە شارەکانی سوودان بێسەروشوێنکراون".

بەگوێرەی راپۆرتەکی ئەو گروپە کە رۆژی یەکشەممە بڵاویکردەتەوە و رایگەیاندووە، سەرژمێری کردنی بێسەروشوێنانی زۆرەملێ لە ماوەی 15ـی نیسان تا 15ـی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ هەژمارکراوە وچەند شارێکی سوودانی لەخۆ گرتووە، ئەویش، خەرتوم، ئومدرمان، خەرتوم بەحری، کەردەفان، نیالا، ئەلفاشر، ئەلجەنینا و زەنگیی.

لە راپۆرتەکەدا هاتووە، "666 پیاو بێسەروشوێنکراون، کە 650 یان پێگەیشتوون، 16 کەسیان کەمتەمەنن، هەروەها 49 ئافرەتیش لەنێو بێشەروشوێنەکاندان کە 47 یان پێگەیشتوون و دوو ئافرەتی کەمتەمەنیشی تێدایە".

لە راپۆرتەکەدا پشتڕاستکراوەتەوە، کە "لە 15ـی نیسانەوە 18 منداڵ دیارنەماون، ئەوەش بە پێشێلکردنی چەند بڕگەیەکی رێککەوتنامەی منداڵان دادەنرێت.

هەروەها لە ماوەی شەش مانگی رابردووشدا، لە مانگی ئایاردا زۆرترین حاڵەتی بێسەروشوێنکردنیزۆرەملێ تۆمارکراوە، کە 141 حاڵەتی بێسەروشوێن هەبووە، هاوکات لە شاری خەرتوم 309 حاڵەتی بێسەروشوێنکردن تۆمارکراوە، دواتر ئومدرمان دێت بە 156 حاڵەت و خەرتوم بەحری ، بە 130 حاڵەتیبێسەروشوێنکردن دێت.